بەم نزیکانە واتسئەپ لەهەندێک موبایل نامێنێت

ماڵپەڕی "ru.prufy" باسیکردووەتەوە، بەم زووانە بەرنامەی "WhatsApp" لە کارکردن دەکەوێت لەسەر هەندێک مۆبایلی کۆنی ئەندرۆید .

بەگوێرەی ماڵپەڕەکە، ئەپڵیکەیشنی "واتسئەپ"، لە 10ی ئازارەوە، لە ڕووسیا کارکانی لەسەر مۆبایلەکانی ئەندرۆید هادگرێت کە تەمەنیان زیاترە لە هەشت ساڵ، سایتەکە ئاماژەی بۆشکردووە، لە 5ی ئایاری داهاتووەوە، بەرنامەی "واتسئەپ" لەسەر هەندێک مۆبایل کە لەسەر سیستەمی ئای ئۆس کاردەکەن، بە نموونە لەسەر ئایفۆن 6 و ئایفۆن 6 پڵەس.

هەندێک لە دەزگاکانی هاگیاندن لە سەرەتای ئەم مانگدا هایانگیاندبوو کە بەرنامەی واتسئەپ کارکردن لەسەر هەندێک مۆبایلی کۆنی ئەندرۆید هادگرێت و خاوەنی ئۆو ئامرانەی کە سیستەمی کارپێکردنی ئەندرۆید ٤.٤ کیتکات و وەشانی پێشووتری سیستەمی کارپێکردنیان لەسەرە، ناتوانن نامە بنێرن و پێیوەندی بکەن و هەموو تایبەتمەندییەکانی دیکەی بەرنامەکە بەکاربهێنن.

لای خێرەوە، ئێلدار مورتازین، شرۆڤەکار لە کەمپانیای مۆبایل ئیسرش گرووی ڕووسی دێڵت: واتسئەپ بەم نزیکانە کارکانی لەسەر هەندێک مۆبایلی کۆن و کۆن لە ئەندرۆید ڕادەگرێت ئەمە کارکی ئاسایی و هەموو بەهارێک ڕووددات ئەو ئامرانەی کە تەمەنیان زیاترە لە هەشت ساڵ، ئیتر بەشوێیکی بەرفراوان بەکارناهێنرێت.

دەنیس کەسکەڤ، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کەمپانیاکە دێڵت: گۆشەپەدەران ناتوانن بەردەوام بەرنامەکان بۆ ئەو ئامرانە نوێ بکەنەوە کە ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر خراونەتە بازاڕەوە، هەروەها پشکی ئەم ئامرانە لە کەی ئەو ئامرانەی کە ئێستا بەکاردەهێنرێن کەمن، هەموو کەسێک ئەمە دەکات نێک تەنها واتسئەپ، بەڵکو تێلێگرامیش، و مایکرۆسۆفتیش ئەمە بە زۆرێک لە ئەپلیکەیشنە و سیستەمی کارپێکردن دیگرێتەوە.